# فاتمه ناعوت: هەموو جیهان دەبێت پشتگیری لە دۆزی کورد بکات*



**دیمانە: نزار جاف**

شاعیر و وەرگێڕ و میدیاکار و ئەندازیار، ئەم چوار پیشەیە لە خانمە شاعیری میسری"فاتمە ناعوت"دا کۆدەبنەوە کە لە پایتەختێکەوە بۆ یەکێکی دیکە و، لە کێشۆرێکەوە بۆ کێشۆرێکی تر دەفڕێت. بەر لە چەند هەفتەیەک لە عەمان بوو و، هەفتەی رابردووش لە ئیسکوتلەندا بوو تا ئامادەبێت لە کۆڕ و سیمیناری ئەدەبی و رۆشنبیریدا و، خوا دەزانێت چەند رۆژێکی دیکە لە کام پایتەخت ئۆقرە دەگرێتەوە وەک پەپولەیەک کە بە باڵی بریسکەدار و تەنکی شیعر بفڕێت. لەگەڵ ئەوەی کە ئافرەتێکی سادە ساکارە و خێرا بە دەم بەرامبەرەکەوەی دێت و، لەگەڵ ئەوەی لە یەکەم ساتەوە رازیبوو ئەم دیمانەی لەگەڵدا سازبکەم، بەڵام، گرفتاربوونی بە ژوانی بەشداربوونی لە کۆنگرە جیاوازەکان، بووە کۆسپێک لە بەردەم خێرا بە ئەنجام گەیاندنی ئەم دیمانەیە. بەڵام، لە کۆتاییدا، توانیمان دیمانەکە سازبکەین و، فاتمە ناعوت بۆ خوێنەری کورد بێنینە قسەکردن.

- فاتمە ناعوت، ئافرەتێکە چووە ناو گۆڕەپانی رۆشنبیری و هزردا لە خۆرهەڵاتێک کە پرەنسیپی پیاوسالاری زاڵە بەسەریدا، ئایا دەخوازیت مێژەکە هەڵگەڕێنیتەوە یان تەنها بیجوڵێنیتەوە؟

فاتمە ناعوت: نە ئەمە و نە ئەوەش، هزر هیچ رۆژێک تەنها تایبەت نەبووە بە پیاوەوە، بەڵکو هەروەک بووە و بەردەوامیشە دەمێنێتەوە، بزافێکی مرۆیی تایبەت بە رەگەزی ئادەمیزادە، نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو هەنگاوی فراوانتر دەهاوێژم و دەڵێم، هەموو بوونەوەرەکان بیر دەکەنەوە و فێڵ و تەڵەکە دەکەن لەسەر ژیان. ئاراستەی شیعریم و خوێندنی زانستیم، لەوانەیە جەختم بۆ بکەن کە هەموو بوونەوەرێک تەنانەت گەر بێ گیانیش بێت، بە شێوازی تایبەتی خۆی بیردەکاتەوە، ئەگینا دیکارت نەیدەگوت: من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم. هەموو بوونەوەرێک بیردەکاتەوە. ئایا جوڵەی ئەلیکترۆنەکان لەناو ئەتۆمدا، کاتێک یەکدەگرن یان جیادەبنەوە، رەنگێکی بیرکردنەوە نییە؟ سەرەتا، وەک هەر شاعیر و هونەرمەندێکی دیکە بیرم کردووە؛ من رۆژێک جیهان دەگۆڕم. کاتێکیش هوشیاریم گەیشتە قۆناغێکی پێشکەوتوو، بەئاگابوومەوە بۆ کێشە و ئیکالییەت و دژایەتییەکانی گەردوون و، ئەو ناجۆرییەی لەگەڵ پێکهاتەی جوانییەکەیدا تێکەڵ بووە کە لاپەڕەکەی دەشێوێنێت. لە ساتێکی منداڵیمدا بە خۆم گوت: رۆژێک جیهان چاکسازی بکەم، کاتێکیش هەندێک گەورەبووم، زانیم من ناتوانم هیچ شتێک چاکسازی بکەم. بەڵام، کاتێک هوشیاتربووم، بۆم ئاشکرابوو کە بەشێک لە جوانی ئەم جیهانە لەو دژایەتییانەدا حەشاردراون و، دانایی ئەم ژیانە هەروەها خۆی لە بەرەڵایی و بێهودەیی و نەفامییەکەیدا، شاردۆتەوە. هەربۆیە، خۆم لادا بە رەزامەندی خۆم لە بیرۆکەی چاکسازی جیهان و، گۆڕیمەوە بە هەوڵدان بۆ بنیاتنانی جیهانێکی جوان کە هەر کاتێک جیهانی ئێوە توشی سەر ئێشەی کردم، هەڵێم بەرەو ئەو جیهانەی خۆم و، کۆشش کردن بۆ بنیاتنانی بێهودەیی تایبەتی خۆم کە لەگەڵ ئارەزوو و پێکهاتەی بوونم دەگونجێت. بەڵام، بابەتی پیاوسالاری لە هزردا لە رۆژهەڵات، ئەوە دەردێکی کۆمەڵایەتی - سیاسییە. بیرۆکەیەکە ئایین و نەریت و ئارەزووە بتریارکییەکان، بڵاویان کردەوە و پیاو پێی باشبوو و ئافرەت ئازاری پێوە چێشت، پاشان پیاو و ئافرەت پێکەوە نکوڵییان لێکرد، بەڵام، کاتێک کات بەسەرچوو. من، لەبەر ئەوەی جیهان و یاسا و ئایین و تێڕوانینی تایبەتی خۆمم هەیە، هیچ رۆژێک خۆم نەداوەتە دەستی مەزەندەکردنێکی ئامادە کە چەند ئەقڵێکی خاوەن بیرکردنەوە و دۆگمائیزمی و بەرژەوەندی تایبەتی، هێناویانەتەئاراوە. تەنها باوەڕم بە یاساکانی جیهانی خۆم هێناوە کە من خواوەندەکەیم و دانەری یاساکانیم.

جیهانی من، پیاو و ئافرەتی تێدانییە، بەڵکو تەنها مرۆڤی تێدایە. جۆر شتێکی بێ نرخە کە تەنها پێوەندی بە ئالییەتی زاوزێکردنەوە هەیە و چیدی نا، لە کاتێکدا جیهانی من سەرکەوتن دەرەخسێنێت بۆ روح و ئەقڵ، ئەم دوو شتەش، جۆریان نییە. جیهانی من، جوانییە و کۆششکردنە بە ئاراستەی بەبێ ماندووبوون و، یاسای من خۆشەویستییە بۆ هەموو بوونەوەرەکانە، تەنانەت ئەو هەنگەش کە ئێستا خۆی دەکێشێت بە پەنجەرەکەمدا و دەیەوێت بێتە ژوورەوە تا پێمەوە بدات، دەتوانم خۆشم بوێت و دیالۆگی لەگەڵدا سازبکەم، تەنانەت ئەو گەڵا وشک هەڵگەڕاوەی ژێر پەنجەرەکەم، زەرد هەڵگەڕاوە و سەوزایی و جوانی تێدا نییە، دەتوانم خۆشم بوێت و چەندین جار لەو مەرگە زیندووی بکەمەوە.

- جیهان لە دوای نەمانی سیستەمی دوو جەمسەری، ئایا لە بەرژەوەندی ئافرەتدا دەڕوات یان لەدژی؟

فاتمە ناعوت: پێم وایە جیهان بەرەو هەڵدێرێک مل دەنێت کە ناوەرۆکەکەی نازانم و، ناخوازم رەشبین بم، بەڵام هیچ مژدەی خۆش لە ئاسۆدا دەرناکەون. تاکڕەوی جەمسەرێک بە جیهان بە بیرکردنەوەی تایبەتی خۆم، لەدژی مرۆڤە بە گشتی نەک پیاو یان ژن بە جیا. دەزانم سۆڤییەت بە شێوەیەک و دیکە، ئاسەواری نێگەتفیان بۆسەر کورد هەبووە، بەڵام، رووخاندنی بلۆکی سۆشیالیستی بە بۆچوونم، تەنها کۆنترۆڵکردنی زێتری هێزەکانی سەرمایە و سەروەری تاکڕەوی و یەکلایەنەی هێنایەئاراوە، کە دژی فرەیی و هاوسێبوون و رەوایی جیاوازییە. هەرچەندە من مەزەندە دەکەم، کە تەنها شتی راست سەرەنجام سەردەگرێت و، هەروەک تیۆری فەلسەفی بیۆلۆجی فێری کردین، سەروەری جیهان لە کۆتاییدا دەچێتە ئۆردوگای زەردەوە، مەبەستیشم، پڵنگە بچوکەکان یان، وڵاتانی باشوور - خۆرهەڵاتی ئاسیا. بڕوام پێ بکە ئەگەر پێت بڵێم بەختەوەردەبم گەر ئەوە رووبدات. من بە راستی رێز لەو رەگەزە دەگرم، چونکە تەنها ئەوە کە بیرۆکەی وجودی بە ئاراستەی دروست و باشتر و جوانتریش تێگەیشت. گەلانێک کە تەنها شارەزاییان لە کارداهەیە و چیدی نا. نە ئارەزووی سەروەری لەکاریان دەخات و، نە خۆخەریککردن بە کاری بێسوود و لاوەکی کۆسپ دەخاتە رێگەیان و، نە ئارەزووی درێژ دادڕی وەک ئەوەی ئێستا من لەم دیالۆگەدا دووچاری بووم، ئەوانە گەلانێکن تەنها کاردەکەن و، رێزی خۆمم بۆ دەربڕین لە هەڵبەستێکدا لەژێر ناونیشانی"لە پشتی ژوورەکانەوە".

- جیهان سەرگەرمی قسە و باسە لەسەر ئەزموون و دۆزینەوەی زانستی بێ وێنە، کەچی لە بەرامبەر ئەوەشدا، قسە و باسی مایەی شەرمەزاری دەبیستین لە خۆرهەڵاتدا، وەک مردنی کچان لە ئەنجامی خەتەنەکردندا، فاتمە ناعوت چۆن تەماشای ئەم بابەتە دەکات؟

فاتمە ناعوت: وەک یەکێک لە بابەتە گاڵتەجاڕییەکانی خۆرهەڵاتی عەرەبی ئازیزمان تەماشای دەکەم و، ئای چەند زۆرن ئەو جۆرە بابەتانە! ئەوەی سەردانی وڵاتانی خۆراوا بکات، باوەڕدەکات کە ئێمە لە راستیدا، لە دەرەوەی مێژوو دەژین، ئەوان تەنها چەند ساڵ و یان چەند قۆناغێک لە پێش ئێمەوە نین، بابەتەکە جیاوازی زەمەنی یان پێشکەوتنی شارستانی و زانستی نییە، بەڵکو لەوە مەترسیدارترە و مایەی گریانە. هەندێک جیاوازی جۆری لە شێوازی تەماشاکردن بۆ شتەکان و رەوشی مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکان و ژیان، لەئاراداهەیە. جیاوازییەکە کە پێوەندی بە پێشکەوتن و دواکەوتنەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بە خودی بنەما فکرییەکانەوە هەیە. دەردێکی عەرەبی هەیە کە دوامان دەخات و بەرەو دواوەمان دەبات، تکایە قسەم بۆ نەکەیت لەسەر دواکەوتنی کۆن و مێژووی دێرینیان لە کاتێکدا سەرەتایی بوون، عیبرەت لەوەدایە کە ئێمە گەیشتوونەتێ و کاری ئەوانی تێدا کۆتایی هات. بە داخەوە، جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئێمە و ئەواندا"خۆراوا"هەیە، هەر لە پلان داڕشتنی شەقامەکان و سیستەمی هاتوچۆوە تا دەگاتە ئاڵۆزترین تێڕوانینەکانی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی. تەنها تەماشاکردنمان و هی ئەوان بۆ ئافرەت جیاوازی تێدا نییە، بەڵکە مەترسیدارتر شێوازی گوویگرتنە بۆ جیهان و تێگەیشتنی بیرۆکە خودی وجودە و، لەوەشەوە هەموو شتێکی لێدەکەوێتەوە، هەربۆیە ئێمە ئێمەین و ئەوان ئەوانن.

- قسە دەکرێت لە پێکدادانی شارستانییەکان و کۆتایی مرۆڤ، بەڵام، جۆرە ململانێیەکی سەیر هەیە لە نێوان گەلانی خۆرهەڵاتی موسڵمان و غەیری موسڵمان؛ ئایا ئێمە بەرەو رووبەڕووبوونەوە مل دەنێین، یان هیوایەک هەیە کە رێگە لەوە بگرێت؟

فاتمە ناعوت: ئەوەش کارەساتێکی دیکەیە، تکایە پیخەرە سەر ئەوانی پێشوو. نموونەیەک وەرگرە لەو هەڵاوسانە

تایفەگەراییەی لە نێوان موسڵمان و قیبتییەکاندا لە میسر ڕوودەدات، ئایا وڵاتەکە لە پەل و پۆوە پارچە پارچە ناکات؟ میسر کە لە ڕووی مێژووییەوە قیبتییەکان وەک میراتییەک بۆیان مایەوە و، ناویEgypt لە وشەی قیبتیCoptیەوە وەرگیراوە و، موسڵمانەکان دەستیان بەسەر میسردا گرت لەسەر بنچینەی سێ بنەما، قەناعەت پێکردن و باج وەرگرتن و چەک، چۆن سەردەمێک بێت کە تیایدا قیبتی ببێتە هاووڵاتییەکی پلە دووەم  بەپێی مادەیەک لە دەستوری میسری کە دەڵێت: میسر وڵاتێکی ئیسلامییە، بەو واتاییەی هەموو غەیرە موسڵمانێک هاووڵاتی پلەی دووەمە! وەک ڕۆشنبیران هەوڵماندا ئەو مادەیە بگۆڕین بەڵام، سوودی نەبوو. کارەکەش بەرەو خراپتر دەڕوات و، هیچ نیشانەیەکی خۆشی لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت، بە پێچەوانەوە، شەپۆلی ئایینی پەرەدەسێنێت و هیوا لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا خەریکە بە تەواوەتی لەناودەچێت و، مەسیحییەکان ئاو لە دەمیاندایە و، ئەو کارەش لە عێراق و وڵاتی تردا ڕوودەدات و، ڕەگەزپەرستی پەرەدەسێنێت و تەنها دۆڕاوێکیش لەو بوارەدا، مرۆڤە.

- ڕاستی ئەوەی کە لەگەڵ قیبتییەکانی میسردا ڕوودەدات چییە، ئایا هەڵەیەک لەئارادایە؟

فاتمە ناعوت: بە داخەوە فیتنەی تایفەگەرایی لە میسردا لە لووتکەی هەرەمەکەوە دێت، لە هەڵبژاردە ڕۆشنبیرەکان و هەندێک لە بانگەشەکارانی موسڵمان. لە وتارێکمدا کە بەر لە چەند مانگێک لە ڕۆژنامە"القدس العربي"دا بڵاوم کردەوە لەژێر ناونیشانی"فیتنە تایفەگەرایی لە میسر، لە کوێدا خەوتووە و کێ بەئاگای دێنێتەوە"، تیایدا ڕووبەڕووی د. زەغلول نەجار بوومەوە کە لە وتارێکیدا لە ڕۆژنامەی"الاهرام"وتبووی، ئیسلام تەنها ئایینێکە کە سووی حەرام کردووە و، چەند ئایەتێکی ئینجیل و تەوراتم بۆ خستەڕوو کە سەرزنشتی سووخۆری دەکات و یەکسانی دەکات لەگەڵ کفرکردندا. ئایا نەجار ئەو ئایەتانەی نەخوێندۆتەوە؟ یان دەیزانێت و خۆی لێ گێل دەکات؟ لە هەردوو حاڵەتەکەدا گوناهبارە و، گوناهباری گرنگ نییە بۆ من بە ئەندازەی ئەوەی وتارەکەی دەبێتە هۆی لێکترازانی هەردوو جەمسەری قیبتی و موسڵمان لە میسردا. چونکە مەسیحی کاتێک ئەو وتارە دەخوێنێتەوە ئەوا ڕق و کینە لە سینەیدا لەدژی دراوسێی موسڵمانی پڕدەبێت، چونکە ستەم لە ئایینی جەمسەرێک کرا کە کتێبی پیرۆزی خۆی هەیە، بەڵام، موسڵمانیش ڕەق لە مەسیحییەکە هەڵدەگرێت، چونکە ئایینی ئەو سووخۆری حەرام ناکات. ئایا فیتنە لە مێشکی شێخ و بانگەشەکەرەکانماندا دەخەوێت و، هەر بۆ خۆشیان بەئاگای دێننەوە؟ لە شۆڕشی 1919دا، میسرییەکان دروشمێکی ڕێک و پێکیان بەرزکردەوە کە دەیوت:"ئایین بۆ یەزدان و نیشتمان بۆ هەمووان" و، دوای سەدەیەک لەو پێشکەوتنە بەرەو هەڵدێری دواکەوتن دەڕۆین و هاووڵاتی بوون بە بیروباوەڕ دەگۆڕینەوە، ئەمە چۆن دەبێت؟ هاووڵاتیبوون گرێبەستییەکە لە نێوان هاووڵاتی و دەوڵەتدا و، بیروباوەڕی ئایینی چ پێوەندییەکی بەو گرێبەستییەوە هەیە؟ بۆچی حکومەتی میسری ڕازی نابێت لەسەر لابردنی خانەی ئایین لە ناسنامەی میسریدا وەک چەندین جار ئێمەی ڕۆشنبیر داوامان کرد؟ ئێمەی ڕۆشنبیرانی موسڵمان، زۆربەی ئەرکەکە دەکەوێتە ئەستۆمان، چونکە مەسیحییەکان هەروەک وتم ئاویان لە دەمدایە.

- فاتمە ناعوت چۆن دەڕوانێتە کێشەی کەمە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا و، ئایا لە بنچینەدا کێشە هەیە یان پلانێکی ئیمپریالی - زایۆنیزمییە لە دژی گەلانی ناوچەکە و موسڵمانەکان، هەروەک هەندێک نووسران دەڵێن؟

فاتمە ناعوت: باوەڕناکەم وڵاتێک بتوانێت هەڵە لە مێشکی گەلی وڵاتێکی تردا بچێنێت، تەنها بەو ئەندازەیە نەبێت کە ئەو مێشکانە ڕێگەی پێ دەدەن لە پێشوازیکردن لە هەڵەکان و جوینیان و پاشان هەڵهێنانەوەیان هەروەک ئیسفەنجێک، ئیدی چ بە هۆی خراپی هەڵسەنگاندن یان لە ئەنجامی هەڵەیەک لە ئالییەتی تێگەیشتندا بێت. باوەڕم بەو وتە فەلسەفییە هەیە کە دەڵێت؛ هەر کەسێک ئەوەی پێ دەگات کە شایەنێتی و ئەوەی کە بۆ خۆی بەشداریکرد لە دروستکرنیدا. باوەڕیشم بە یەزدان هەیە کاتێک دەفرموێت: خوا ئەوەی لە قەومێکدایە ناگۆڕێت، تا ناوەرۆکی خۆیان نەگۆڕن. کێشەی کەمینە نەتەووییەکان لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا 100% خۆماڵییە. لەوانەشە لەگەڵ کۆششی هێزە زایۆنیزمییەکاندا ڕێک بکەوێت کە پرەنسیپی"بگرە و بەردە"دەگرنەبەر، بەڵام، سەرزنشتی زایۆنیزمەکان ناکەم لەسەر ئەنجامدانی ڕۆڵی سروشتییان لە ژیاندا کە ئەویش دژایەتی کردنمانە. ئایا لۆمەتیان دەکەیت لەسەر پارچە پارچەکردنمان؟ دوژمن لۆمەت ناکرێت لەسەر هەوڵ و کۆششەکانی لەدژی تۆ، ئەوە ڕۆڵی بنەڕەتییەتی و، ڕۆڵی تۆش ئەوەیە خۆت بپارێزێت لە هەوڵ و کۆششەکانی و،

**نەک ئامانج و مەبەستەکانی بۆ بەجێ بێنێت و پاشان نەفرەتی لێ بکەیت!**

**- زانیاری فاتمە ناعوت لەبارەی گەلی کوردەوە چییە؟ ئایا باوەڕت هەیە بە دۆزی گەلی کورد؟**

**فاتمە ناعوت: چۆن باوەڕم پێی نییە؟! هەموو شتێکی راستەقینە، دۆزێکە پێویستە باوەڕی پێ بهێندرێت. کوردیش راستییەکی حاشا هەڵنەگرن، راستییەکە کە لە 40 ملیۆن مرۆڤ پێکهاتووە و، بنچینەکەی میراتێکی رۆشنبیری و مێژوویەکی مەزنە و، هەروەها خاوەنی کلتور و داهێنانێکی فکرییە کە بە کەم ناگیرێت. راستییەک، کە بنەماکەی زمانێکی سەربەخۆ و مێژوویەکی راشکاو لە کتێبەکانی مێژوو و لەسەر نەخشەی گۆی زەویدا، بەرجەستەدەبێتەوە. راستییەکە، کە بنەماکەی پەیماننایەکی نێودەوڵەتی گوناهبارە کە شیرازەی نەتەوەیەکی لە ساڵی 1916دا، پارچە پارچە کرد و، پاشان پەیماننامەیەکی تەعدیلی کە دوای ئەو هات و جێبەجێ نەکرا لەبەر مەبەستێکی شاراوە. راستییەکە، بنچینەکەی شۆڕشگێڕان و شەهیدان و ئەوانەن کە سەرکەوتنە بۆ بەردەم پەتی لەسێدارەدان و پشکۆ لەناو دەستیاندابوو. راستییەکە، بنچینەکەی ئازار و تاڵی و مەینەتی چەندەها نەوەن کە یەک لە دوا یەک دێن بەبێ نیشتمان. چۆن بڕوام نەبێت بە دۆزێک کە خاوەنی ئەو هەموو بنەمایە بێت کە بۆم باسکردیت؟ بەڵێ، دۆزێکی کورد هەیە کە هەموو جیهان پێی ئاشنایە و، دەبێت هەموو جیهان بەرگری لێ بکات. دۆزی ناسنامە و مێژوو و شوێن و سنوور و سەربەخۆبوونە. پاشان، دۆزی هەموو ئادەمیزادێکە کە لەم جیهانەدا ژیان دەباتەسەر، نەک تەنها عەرەب.**

**- دوور لە سیاسەتەوە، ئایا فاتمە ناعوت هیچی بۆ نووسەر و شاعیری کوردی خوێندۆتەوە و، بیروبۆچوونی لەبارەوەیان چۆنە؟**

**فاتمە ناعوت: بێگومان بۆ ژمارەیەکی زۆری داهێنەرانی کوردستانم خوێندۆتەوە، هەڵبەتە بە عەرەبی خوێندومەتەوە و، داهینان تەڕوبڕی جیاوازیان و، مامەڵەکردنیان لەگەڵ تێزەکانی وجود، سەرم دەسوڕمێنێت. هەروەها زۆر سەرنجم رادەکێشن بە زانیارییان لە زمانی عەرەبیدا بە جۆرێک کە لە زۆر ئەدیبی عەرەب باشترن کە تەنها توێکڵی زمانی عەرەبی دەزانن و، لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵەیشیان لە داڕشتنی ئەو توێکڵەشدا هەیە!**

**- ئەزموونێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە و، بە گەواهی چەندی ناوەندی سیاسی و فکری، دەستکەوتی زۆری پێشکەشی ئافرەتانی کورد کردووە، بۆچوونتان لەوبارەوە چۆنە؟**

**فاتمە ناعوت: لە میانەی دۆستایەتی تایبەتییەمەوە بە هەندێک لەو ئافرەتانە، سەرباری ئەوەی کەسانی دیکە دەناسم، دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم؛ ئافرەتی کورد تایبەتمەندی بە شێوەیەک هەیە کە ناکرێت لە رووی فکری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و داهێنانەوە، لەبەرچاو نەگیرێت.**

**- فاتمە ناعوت بیردەکاتەوە لە سەردانی کوردستان رۆژێک لە رۆژان؟**

**فاتمە ناعوت: ئەوە ئارەزوومە لە ناخی گیانمەوە.**

---

**کورتەیەک دەربارەی فاتمە ناعوت:**

**شاعیر و میدیاکار و وەرگێڕ و ئەندازیارێکی میسرییە، لەدایکبووی قاهیرەیە. دەیان کتێبی بڵاوکردۆتەوە لە نێوان شیعر و وەرگێڕان و رەخنەدا و، ئەزموونەیەک بۆتە بابەتی زۆر نامەی ماجستێر و دوکتۆرا. نوێنەرایەتی وڵاتی میسری کردووە لە ژمارەیەکی زۆر لە ڤیستڤاڵ و سیمینار و کۆنگرەی رۆشنبیریدا لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی و ئاستی نێودەوڵەتی. وتار و هەڵبەستەکانی لە رۆژنامە عەرەبی و جیهانییەکاندا بڵاوکراوەتەوە و، شیعری بۆ چەندین زمانی جیاواز وەرگێڕدرواە. ئەندامە لە ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوی رۆشنبیری و پیشەیی لەسەر ئاستی عەرەبی و جیهانی.**

---

*تێبینی: ئەم دیمانەیە بۆ یەکەم جار لە رۆژنامەی کوردستان راپۆرت لە هەولێر بڵاوکرایەوە.